سودانی سەردانی ئەڵمانیا دەکات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ پێنجشەممە، دوای کۆتاییهێنان بە سەردانە فەرمییەکەی بە پراگی پایتەختی چیک، بەرەو ئەڵمانیا بەڕێکەوت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەع

کۆتووە،بەڕاویکردووە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەرەو ئەڵمانیا بەڕێکەوت بە

بەشداریکردن لە "کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش" لە خولی 61"ـەمینیدا، دوای کۆتایی هاتنی سەردانەکەی

بە پراگی پایتەختی چیک کە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆ گرت:

- ئەنجامدانی گفتوگۆی بەرفراوان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی چیک.
- ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ سەرۆک کۆماری چیک.
- ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی چیک.

■ سەرپەرشتی کردنی ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی گواستنەوەی ئاسمانی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی فەدراڵی مەدەنی عێراق و چیک.

■ سەرپەرشتی کردنی واژۆکردنی 5 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کە لە ئێمانەی خوارەوە پێکدێت:

● یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی چیک.

● ڕێشنووسی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆی عێراق و چیک.

● یاداشتنامەی هاوکاری لە نێوان هەردوو فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق و چیک.

● یاداشتنامەی هاوکاری لە نێوان هەردوو فیدراسیۆنی ژوورەکانی بازرگانی عێراق و چیک.

● بڕیارنامە لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق.

■ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی ژووری بازرگانی و فیدراسیۆنەکانی پیشەسازی لە عێراق و کەماری چیک.

■ دیدار لەگەڵ ڕێوەندی عێراقی لە کەماری چیک.

■ پێشوازیکردن لە نوێنەری کەمپانیای (ئایرە ڤەدچەدی) کە کەمپانیایەکی تایبەتە بە دروستکردنی فڕۆکە.

■ پێشوازیکردن لە نوێنەری کەمپانیای (یونیس)، کە تایبەتمەندە بە پیشەسازی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی.